# لەودیوی عەشقەوە

عومەر جەلال

عەشق یانی  سەفەری مەرگ

پەژموورردەبوونی لاسکی گوڵەکانی ئاسوودەیی

عەشق راڤەیەکی نوێ یە بۆ ئاو

خوێندنەوەیەکی دیکەی بارانە

لە ناو هەموو مانا قوڵەکانی عەشقدا

ساتێك هەیە بۆ خۆکوشتن

لەگەڵ کردنەوەی هەر پەنجەرەیەکدا هێمایەك هەیە بۆ بوونی عەشق

لەگەڵ خەندەی پشکوتنی گوڵێکدا پێناسەیەك هەیە بۆ عەشق

لەگەڵ توانەوەی هەر کلوە بەفرێك

شوناسێك هەیە بۆ عەشق

لەگەڵ لە دایك بونی هەر شیعرێکدا

لاواندنەوەیەك هەیە بۆ عەشق

عەشق چیە؟؟؟جگە لە نووستنی پەپولەیەك لە ئێوارەیەکی باراناویدا

عەشق چیە ؟جگە لە دابەشبوون و لەتکردنی هەنارێك

عەشق رەنگدانەوەی رەنگەکانی سرووشتە و دەنگدانەوەی نەمرییە

عەشق وەك ئاو وایە

راڤەکردنی ئەستەمە

عەشق وەك فرمێسك وایە خوێندنەوەی مەحاڵە

کۆتای عەشق یانی کۆتای هەموو جوانییەکان

لەوەتەی ئازار هەیە عەشق هەیە

عەشق لەگەڵ لەگەڵ لە دایك بوونی بەفر لە دایك بوو

بوونی مۆسیقا یانی جوانترکردنی عەشق

عەشق جەنگی مرۆڤەکان دەنوسێتەوە

عەشق مێژوو دەنووسێتەوە و گۆرانی بۆ جاویدانی دەڵێت

لەناو دڵی هەر بەردێکدا پارچەیەك لە عەشق بە جێماوە

لە ناو هەردلۆپە ئاوێکدا  پێناسەیەك بۆ عەشق نووسراوە

عەشق دەریایەکە هەموو مرۆڤەکان لێی دەترسن

عەشق نیشتمانێکە لە شوشە

**کۆڵانێکە لە بۆنی گیا**

**ماڵێکە لە گۆڕ**

**گۆرێکە لە ژیان ئاسوودە تر.**